# هەوكردنی گەروو ( pharyngitis )

د.مەغدید حەسەن باڵەیی

زۆربەی ئەو منداڵانەی سەردانی نۆرینگەی پزیشكی دەكەن لە نەخۆشخانەكان‌و بنكە تەندروستیەكان بەدەست كۆكەو گەروو ئێشان و(تایە) دەناڵێنن، كە پزیشكان بەدایك‌و باوكی نەخۆشەكان دەڵێن، مناڵەكەتان بەدەم هەوكردنی گەرووەوە دەناڵێنێ، واتا (گەرووی هەستاوە)، ئەی ئەبێ چیرۆكی ئەم گەروو هەستانە (بلاعیم) چی بێ؟ ئەی ئەبێ پزیشكان مەبەستیان چی بێ لەم زاراوەیە؟ ئایا ئەبێ ئەم نەخۆشیە هۆی سەرەكی نەخۆش كەوتن‌و سەردانكردنی ئەم ژمارە زۆرەی مناڵان بێت بۆ نەخۆشخانەو نۆرینگەكان؟

لە راستیدا هەوكردنی گەروو لە منداڵان، بریتیە لە هەوكردنی بەشی سەرەوەی رێڕەوی هەناسە upper respiratory tract infection) كە لوت‌و قورگ‌و مەلازەو بۆریچكە هەواییەكان دەگرێتەوە، كاتێك ئێمەی پزیشكان دەڵێین، هەوكردنی گەرووی توند، مەبەستی ئێمە هەوكردنی رێڕەوی بەشی سەرەوەی هەناسەیە بەتایبەتی قورگ( throat )، كە جیاوازی هەیە لەگەڵ هەوكردنی توندی مەلازەكان (Acute tonsil its) لەرووی هۆكاری توشبوون‌و نیشانەكان‌و رێگای چارەسەری، بۆیە جیاكردنەوەی ئەم دوو نەخۆشیە كە بۆ دایك‌و باوانی نەخۆشەكە شتێكی زۆر پێویستە، هەروەها ئەبێ ئەوەش بزانین كە هەوكردنی مەلازەكان (لەوزەتێن)و بەشی سەرەوەی رێڕەوی هەناسە زۆر بەكەمی لە منداڵانی تەمەن خوار یەك ساڵ روو دەدات.

هەوكردنی توندی گەروو لەو منداڵانە زۆر روو دەدات كە لەتەمەنی قوتابخانە دان بەتایبەتی لە نێوان (٤–٧) ساڵی، وە بەردەوامیش ئەبێت لە قۆناغی منداڵی‌و گەنجی،هیچ پەیوەندیشی نیە بە هەوكردنی مەلازەكان.

**هۆكارەكانی هەوكردنی گەروو لە مناڵ:.**

١- ڤایرۆس( virus ) :لە(٨٠٪ ـ ٨٥٪) ی حاڵەتەكان هۆكاری سەرەكی ڤایرۆسە.

٢- بەكتریا( Bacteria ):.لە(١٥٪ ــ ٢٠٪) ی حاڵەتەكانیش بەكتریا هۆكاری سەرەكی تووشبوونە.

ئەم دوو هۆكارەش ( A etiology ) دەتوانین بە نیشانەكانی نەخۆشیەكە بیناسینەوە، ئەگەر هۆكاری تووش بوون ڤایرۆس بێت، ئەوا نەخۆشیەكە ووردە ووردە دەست پێئەكات، لەسەر شێوازی بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش، لەش داهێزران، كەم بوونەوەی ئارەزووی خواردن‌و قورگ ئێشان، كە بۆ ماوەی (٢٤_٤٨) كاتژمێر بەردەوام ئەبێت، ئینجا ووردە چاك ئەبێتەوە، زۆر بەكەمیش بۆماوەی (٥) رۆژ دەمێنێتەوەو توشی كێشەو ئالۆزەكان (مزاعفات) دەبێت، بەڵام هەوكردنی توندی بەكتریایی، ئەمە زۆر جیاوازە لە جۆری ڤایرۆس، زۆر بەكەمی تووشی منداڵی خوار (٢) ساڵ دەبێت، نیشانەكانیشی زۆر توندو بەهێزن وەكو(سەرئێشان، رشانەوە، بەرز بوونەوەی پلەی گەرمی لەش تا ٣٩ـ٤٠ س، قورگ ئێشان‌و بەزەحمەت قوتدانی خواردن‌و



خواردنەوە.

لە كۆتاییشدا پرسیارێكی زۆر گرینگ‌و پربایەخ خۆی دەرئەخات ئەویش ئەوەیە، ئایا چۆن دەتوانین منداڵەكان چارەسەر بكەین؟ بەرسڤی ئەم پرسیارەش ئەوەیە، لەبەر ئەوەی بەشی زۆری حاڵەتەكان بریتین لە هەوكردنی توندی ڤایرۆس، كەخۆی چاك ئەبێتەوەو پێویست بەبەكارهێنانی دژە زیندەكان (Antibiotic) ناكات، تەنها پێویستی بە حەوانەوەو بەكارهێنانی دەرمانی دژە (تا)و ئازارە، بەڵام جۆری بەكتریایی، پێویستی بە چارەسەرێكی باش‌و چاودێرییێكی چڕ هەیە، لەژێر سەرپەرشتیاری پزیشكی پسپۆر بە بەكارهێنانی دژە زیندەی تایبەت‌و دەرمانی دژە ئازار.


**ژێدەرەكان:**

١- Scot . brown ١٩٩٧.

٢-Essential of otolaryngology ٢٠٠٣

٣- Internet .